www.kurdistannet.org
23-1-2003 1:44

# مێژوو چی بە ناوی کێ تۆمار دەکا ؟

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

لەوەتەی تارمایی شەڕی تازەی ئەمریکا دژ بە حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن بۆتە ڕووداوێکی حەتمی ئایندەیەکی نزیك، گۆڕانکاریە سیاسیەکان و کۆنگرەو هاتووچۆ دیبلۆماسیەکان بە ئیقاعێکی خێراتردەچێتە پێشەوە، ئەم شەڕە تەنیا کوردو عێراق و ئەمریکا پێ ی سەرقاڵ نەبووە، بەڵکو لەم سەر تا ئەوسەری دونیا بۆتە خاڵێکی زەقی میدیاو گرنگی پێدانی دەوڵەتەکان و حیزبە ڕەنگاوڕەنگەکان و هەر لایەکیش بە پێ ی بەرژەوەندیەکی دیاری کراو داوەری لە سەر ئەم پێشهاتە دەکا. ئەمریکا، حکومەتی ئەمریکای دوای ١١ سێپتێمبەر بە قسەو جل وبەرگەوە قات و بۆینباغە، بە کردەوەش تیمێکی پسپۆڕی سەرقاڵی دۆزینەوەو سەنعەتی شەڕە، نە دیبلۆماسیەت باوی ماوە لەلای نەخۆپیشاندانی دژبە شەڕی بە هاوڵاتیانی شارەکانی ئەمریکاش ئەتوانێ بۆش بێدارکاتەوە، وە لە گەڵ ناردن و گەیشتنی هەرهێزێکی تری سەربازی بۆش و یاوەرەکانی زمانی شەڕ تیژتر دەکەنەوە، لەوبەریشەوە حکومەتی بەعس سەرەڕای پێشکەش کردنی مل کەچی بۆ داواکاریەکانی ئەمریکا خەریکی جۆش دان و حازر کردنی هێزە دینیەکان و پاشماوەی هێزە ناسیونالیستەکانی ناوچەکەیە هەر لە ( حەماس) ی فەلەستینەوە بگرە تا دەگاتە عەشیرەتەکانی یەمەن تا دەگاتە ( ناسریەکانی) میسر، ڕابردووی خوێناوی شەخسی سەدامیش و بێباکی ئەو لە بە کوشت دانی سەدان هەزار لە شەڕە یەك لە دوای یەکەکانی دڵخۆشکەر نیە تا حکومەت جێ بێڵێ و بڕوا بۆ مەنفاو بە مەش ناوچەکەو دونیا بپارێزێ لە بەشێك لە ئەنجامە زیانبارەکانی ئەم شەڕە.

ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش بێجگە لە ( یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات) دوای چەندین لێك دابڕان و بێ شانسی لە بونی هیچ دەورێك و سەنگایەك لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، ئیمڕۆ بە وەزعێك گەیشتووە کە عێراق لە بەردەمیا بۆتە پارویەکی چەوری حازر، بۆتە کۆمپانیایەکی پڕ لە خێرو بێر کە ناکرێ هەر ( ال تکریت) لێ ی بخوا، کاتی خۆی ( مەسعود ڕەجەوی) سەرۆکی ڕێکخراوی مجاهدین وەکو ئەرکی جاشایەتی خۆی بۆ ڕژێمی بەعس لە کۆبونەوەیکدا لە گەڵ کاربەدەستانی سەربازی ڕێکخراوەکەی خۆی پێش ئەوەی عێراق هێرش بکاتە سەر کوێت وتبووی : ( کوێت کاسەیەکی گەورەی پڕ لە شیرە کە دەکرێ ئێمەش لێ ی بخۆین) ، ئیمڕۆش بە هەمان لۆژیك بەڵام بە دەستەواژەی جیا جیا، عێراق بۆتە تەنکەرێکی گەورەی نەوت کە ئەمریکا و بەریتانیا بە هەر نرخ و کارەساتێك بێ دەیانەوێ یەکێکیان شۆفێر بێ یەکێکیان فرۆشیار، ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش لەم پرۆسەیە تەنیا کەمالیاتێکە بۆ دیکۆری ئەم پاوانخوازیەو ئەگەر زۆر زۆریش دەوری هەبێ بە بۆیەی ( ئاڵ و گۆڕی دیموکراسی) مەکیاژی بارودۆخەکەی پێ دەسپێرن.

من لە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی کە بە ( مطلق) و بێ سێ دوو تەپڵی شەڕ لێ دەدا وەهمی زۆر گەورە دەبینم، بە تایبەتی لە سەر دووا ڕۆژێکی ڕووناك کە گوایە ئەم شەڕە بە دیاری دەیهێنێ، جارێ لە باری ئابوریەوە ئەگەر پێشوتر هەموو بودجەی دەوڵەت لە سوپاو شەڕەکانی سەرف دەکرا، لە دەزگای ئەمن و مخابرات و لە قومارەکانی ( عودەی) کوڕی سەدام وال تکریت سەرف دەکرا، ئەوا بە دڵنیایەوە دەڵێم لە حکومەتی ئایندەی عێرقدا دە قاتی ئەم بودجەیە بۆ سوپای ئەمریکا تەرخان دەکرێ لە عێراقدا، هەروەکو چۆن ئێستاش حکومەتی کوێت دوای ١٢ ساڵ لە دەرکردنی سوپای عێراق ئێستاش مەسرەفی سوپای ئەمریکا لە ئەستۆی دەوڵەتی کوێت و بودجەکەی دایە، وە ئەگەر چکەیەکیش لە بودجەی حکومەتی ئایندەی عێراق بمێنێتەوە بە پێی قورسایی فراکسیۆنێك کە دین و حیزبە دینیەکان هەر لە ئێستاوە بناغەیان بۆ داناوە لە باشترین حاڵەتەکاندا لە ڕێگای پۆستی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری دینەوە سەرف دەکرێ.

دیاردەیەکی تر کە سەرنجی ڕاکێشم دەیالۆگی کورد بوو لەسەر مامەڵە لە گەڵ ئەم شەڕە کە لە باری لۆجیستی و جوگرافیەوە دەکەوێتە کوردستان و عێراقدا، ئەگەر چاو بە نووسینەکانی نێو سایتەکان بخشێنی یان گوێ بگریتە شەڕ و هەڕەشەی نێو ژوورە کوردیەکانی پاڵتاك وێنەیەکی زۆر سەیرت دێتە بەرچاو کە زیاتر خۆی لە دادگایەك ئەنوێنێ بۆ بە ( خائین) کردنی هەموو نوزە و دەنگێك کە لە گەڵ سیاسەتی ئەمڕۆی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار

نێتەوە، هەژمونێکی سەرسوڕهێنە هەیەلە سڕینەوەی ڕای بەرامبەرو لە دابەش کردنی ناسنامەی حازرو ( بێگانە) کردنی دەنگی ئەنتی شەڕ، لە ئەمریکا سەدان هەزار کەس خۆپیشاندانیان کرد دژ بەم بەم شەڕە نە بۆش و نە میدیاش بەم خەڵکەیان نەوت ( نۆکەری بەعس) ، ١٩ و ٢٠ ئەم مانگەش شار نەما لە دونیا خۆپیشاندانی لێ ساز نەکرێ دژ بە شەڕ، تۆ بڵێی ی قوتابیانی زانکۆ لە پایتەختی دەوڵەتی ژاپۆن و کارمەندی خەستەخانەکانی شاری ڤانکۆڤەری کەنەداش بەعسی بن ؟ ئەم شێوازە لە دەیالۆگ بێ لیاقەتیەکی زۆری نیشان دا کە من وەك نموونەیەکی زیندووی سبەی ڕۆژیش دێتە بەرچاوم کە چۆن لە هەڵ و مەرجی دوای ئەم شەڕەش نەك ناتوانی دەنگێکی ناڕازی بی بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا لە دادگای سلێمانی یان هەولێر میوان دەبی، لە تەپ و تۆزی ئەم دەیالۆگەدا کە لە ژێر ڕێنمایی حیزبی و زۆر جاریش لە لێکدانەوەی شەخسی بەڕێوە دەچێ وەهمی ( شانسی گەورە) بۆ کورد بۆتە ئەلگۆ و تەوقی زنجیرێك یان دەبێ شەریکی بی یان دوژمنی بی، ئەگەرچیش لە ٩١ وە ئەم شانسە هەر هەبووە هەر ئەم دووحیزبە بوونە کە وتویانە: (هەڵ ومەرجی ئیقلیمی و جیهانی) یارمەتیدەر نیە، جا پرسیار ئەوەیە لە دوای شەڕ دەبێ ئەم گۆڕانکاریە ئیقلیمیانە چی بن کەوا لە مەلاکانی ئێران و ژەنەڕاڵەکانی تورکیاو کاك (کۆلن پاول) دەکات ئارەزوەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕەسمی بناسن ؟

سوپای ئەمریکاو سوپای عێراق، سەدام و بۆش، لە هیچ شتێکا شەریك نەبن لەوەیا شەریکن کە ڕابردوویەکی خوێناوی و تاریکیان بووە لە مێژوودا و مەعلومیش نیە ئەمجارەبان چ قەسابخانەیك دروست دەکەن، ئیمڕۆش سوار بوون لە فارگۆنی شەمەندەفەرێك کە ژەنەڕاڵێکی لووت بەرزی ئەمریکی لێ ی خوڕێ. دۆگمابونێکی بێ ئەندازەو کورت بینیەکی گەورەیە کە شادومانە بە بەڵێنێك کە خاوەنی ئەم بەڵێنە ( ئەمریکا) بە پێچەوانەی گۆرانیەکەی ( ماملێ) تەنیا خەریکی پەیمان شکاندنە.

من وەکو نووسەرێکی کورد ئاواتەخوازم شەڕ ڕوونەدات، گوللەیەك بەر سلێمانی وهەولێر نەکەوێ، پردو ئاو وکارەبای هیچ شارێکی عێراق بۆردومان نەکرێ. ئاڵ و گۆڕێکی گەورە کە دونیا خەریکە پێ ی لێ دەنێ دیاردەیەکی گەورەو ترسناکە کە مەوداکانی کورت نابێتەوە بە کوردستان و عێراق، ئەمریکا دەیەوێ دونیا بگۆڕێ بۆ فلیمی شەڕێکی بێ سەرەتاو بێ کۆتایی، سبەی ڕۆژیش کە لە تەم و تومانی ئەم بەڵێن و وەهمانە بێدار بوینەوە نەفرەت ئەکەین لە وشەیەکیش کە بۆ سەپۆرتی ئەم فلیمە بە کار هاتبێ، ئەو کاتیش درەنگەو لە پەنای بۆنی باروت و خوێنا لاشەی خەونەکانمان کۆ دەکەینەوە.

ڤانکۆڤەر

٢٠٠٣/١/٢٢

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣